**Reaching Our Main Goal:**
**Banning FGM Effectively**

# گەیشتن بە ئامانجەكانمان :
# قەدەغەكردنی خەتەنەكردنی كچان بەشێوەیەكی كاریگەر

لە سەرەتای ساڵی 2005 وە كەمپینی " خەتەنەكردنی مێینە بوەستێنن لە كوردوستان بەردەوام هەنگاوی سەركەوتوانەی ناوە لە دۆكیومێنت كردن و ئەنجامدانی هەڵمەتی ڕاگەیاندن و داواكاری بۆ دەستپێكردنی چاكسازی لە بواری یاسایی و ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیاریدا .

## كەناڵەكانی ڕاگەیاندن چەندین ڕاپۆرت لەسەر خەتەنەكردنی مێینە ئامادە دەكەن

ڕاستی ئەنجامدانی خەتەنەكردنی مێینە لەلایەن كەناڵەكانی ڕاگەیاندنەوە ڕاپۆرت كراوە و چەندین ڕۆژنامەو گۆڤار و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن بەرنامەی ڕاستەوخۆیان لەسەر ئەنجامداوە ، وە ئەمە سەرەتایەك بوو بۆ باسكردنی خەتەنەكردنی مێینە لە كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ، وە ئەمەش دەسكەوتێكی زۆر گەورە بوو چونكە ئەنجامدانی ئەم دیاردەیە پشتی بەستوە بە نهێنی بوونی و ئەم باسانەش زەمانەتی بەردەوام بونی دیاردەكەی خستە بەر مەترسیەوە .

## تیمی گەڕۆك لەسەرانسەری هەرێمەكەدا :

بۆ بەرزكردنەوەی ئاستی هۆشیاری و دەستەبەركردنی زانیاری پێویست بەتایبەتی لەلایەنی تەندروستی و دەرونی و كۆمەڵایەتیەوە ، ڕێكخراوی WADI چەند تیمێكی ژنانی لەناوچەكەدا خستەگەڕ وە ئەم تیمانە بە بەردەوامی سەردانی گوند و قوتابخانەكانیان ئەكرد بەتایبەتی لەناوچە دوردەستەكانی هەرێمەكەدا كە بە گشتی ئاستی خزمەتگوزارییان نزمە و نەخوێندەواری دیاردەیەكی زەقی ئەو كۆمەڵگانەیە .

ئەم تیمە گەڕۆكانە سەردانی ژنان و مناڵانی ناوچەكانی سلێمانی و هەڵەبجەو پشدەر و قەندیل و گەرمیانیان كردوە وە ئەم تیمانە پێك دێن لە دكتۆری ژنان یان یاریدەدەری پزیشكی لەگەڵ توێژەری كۆمەڵایەتی یان دەرونی . وە بیرۆكەكەش ئەوەیە كە بەشێوەیەكی سادە مامەڵە لەگەڵ ژناندا بكرێت لە شوێن نیشتەنی خۆیان و هەوڵ بدرێت قەناعەتیان پێ بكرێت بۆ دوركەوتنەوە لە دیاردەكە .

## فلیمی دۆكیومینتاری هۆشیاری بۆ ژنانی گوند

تیمە گەڕۆكەكان چەند خزمەتگوزاریەكی تایبەتی پێشكەش ئەكەن ( خزمەتگوزاری تەندروستی ، دەرمان و سانتی ، لێكۆڵینەوە لە گوزەران و هاوكاریكردنی ژنانی بێدەرەتان ، وەڵامدانەوەی پرسیارەكانی تایبەت بە پەیوەندی سێكسی بەتایبەتی بۆ قوربانیەكانی خەتەنە ، وە هەموو تیمە گەڕۆكەكانیش پەیوەندی توندیان لەگەڵ لانەكانی داڵدەدانی ژنان هەیە .

لەسالی 2005 وە ئەم تیمانە کاریان لەسەر خەتەنەکردنی کچان کردوە و فلیمی هۆشیاری خەتەنـەکردنی کچانیان پیشانی ژنان داوە ئەم فیلیمە بەشیچوەیەك بەرهەم هێنراوە کە ژنانی نەخوێندەوار بتوانن سـودی لێوەربگرن ، لەم فلیمەدا شارەزایان وەك دکتۆری ژنان و پیاوی ئاینی کە دژی دیاردەکەن قسە دەکـەن وە لەم ڕیچگەیەوە دەروازەی گفتوگۆکردن والآ دەبێت بۆ بەشداربوان و بێنەرانی فلیمەکـە ، قـسەکردن لەسـەر بابەتی خەتەنە و زیانەکانی سەرەتایەکی گرنگە بەلأم بەبڕوای ئێمە هەنگاوی دیکە پێویستە .

لە ڕێگای ئیشکردنی درێژخایەن ئەم تیمانە متمانەیەکی باشیان لـەناو خەڵکدا پەیداکردوە لـەو ناوچـانەی کەسەردانیان کردون ئەزمونی ئەم تیمانـە بەلگەیـە لەسـەر بـوونی خواسـتی گۆرشـان لـەو کۆمەلگایانـەدا و وەستاندنی دیاردەکە و کاریگەریەکی زۆری هەیە لەسەر دوبارە نەکردنەوەی ئەم دیاردەیە لەلایـەن دایکـان بۆ کچەکانیان ، هەرچەندە ڕیچکخراوەکانی دیکە ڕۆڵێکی ئەوتۆیان نەبوە لە پێدانی زانیـاری پێویـست ئـەم تیمە گەڕۆکانە ئەو ڕۆڵە گرنگەیان بینیوە .

## یاداشت و داواکاری بۆ بەردەم پەرلەمان :

لەیادی 8 مارسـی سـاڵی 2007 کـەمپینی خەتەنـەکردنی میـچینە بوەسـتێنن لـە کوردوسـتان یاداشـتێکی لەچەندین ڕۆژنامەی ناوخۆیی بلأوکردەوە بۆ قەدەغەکردنی خەتەنەکردنی مێینە بە یاسا ، لـەماوەی چـەند ڕۆژێکی کەمدا 14000 کەس لە کوردوستاندا واژۆیـان لەسـەر ئـەم یاداشـتە کـرد لـە نیـچوانیاندا چـەندین ئەندام پـەرلەمان و رشۆژنامەنوس و نیگارکێش و نوسەری تێدا بوو .

## چاکسازی یاسایی :

بەدوای داواکاریە گشتیەکاندا بـۆ پاڵپـشتیکردنی قەدەغـەکردنی خەتەنـەکردنی کـچان ، لـە کۆنفرانـسێکی تایبـەتی چـەندین پـسپۆر و شـارەزاو یاسـاناس و چـالاکوانی بـواری مـاف مـرۆۋ و ژنـان دەقـی یاسـایەکی پێشنیارکراویان ئامادەکرد بۆ قەدەغەکردنی خەتەنەکردنی کچان ، ئەم دەقە یاسـاییەش لەوکاتـەدا خرایـە بەردەم پەرلەمان بەو هیوایەی کە تاکو ساڵی 2009 پەسەند بکرێت و بکەوێتە بواری جێبەجێکردن .

لێکۆڵینەوەی زانستی بۆ پێوانەکردنی بارودۆخەکە :

لە ساڵی 2007 دەستکرا بە کۆکردنەوەی ئامار لە لێکۆلچینەوەیەکی زانـستیدا لـە هـەر سـێ پاریزگاکـەی هەرێمی کوردوستان بە چاوپێکەوتن کردن لەگەڵ 1800 مێینە ، شـیکردنەوەی دەرئەنجامـەکان کۆتـایی نەهاتوە بەلأم بەپێی نەنجامە سەرەتاییەکان ئەم دیاردە لەناوچەکانی هەرێمی کوردوستان بە ڕێژەی 60٪ بۆ 100 ٪ توشی ژنان بوە .

نەشتەرگەریەکە کە بەنهێنی ئەنجام ئەدرێت کچانی تەمەن 4–12 ساڵ ئەگرێتـەوە لەلایـەن ئافرەتێـك کـە زۆرجار ئەندامی خێزانەکەیە ڕیچك ئەخرێت و دراوسێیەك یان مامانێـك ئـەنجامی ئـەدات بـەبێ بـەکارهێنانی هیچ بەنجێك وە ئەو ئامێرانەی کە نەشتەرگەریەکەی پێ ئەکرێت ناتەندروست و سەرەتایین ، کاتێك قیتکەی کچەکە ئەبڕن هەندێك جار بەشێك لە کۆئەندامی زاوزێشی پێوە ئەبڕن وە بۆ وەسـتاندنی نـەزیفی خوێنەکـە تـەنها خۆڵەمێش یان ئاوی سارد بەکار ئەهێنن .

بەپێی دوا دەرئەنجامەکان لەناوچەی پشدەر وێنەیەکی کارەساتباری دیاردەکە کێشراوە و بە گشتی 95 ٪ ژنان و کچان لەم ناوچەیە ڕوبەڕوی خەتەنەکردن بونەتەوە .